# دیمانەی نامق هەورامی لەگەڵ فریشتە کەوە

## فریشتە کەوە...هەر بەرپرسێك بارودۆخی خەڵكی هەڵەبجە نەگۆڕێت بەكەمتەرخەمی دەزانم




**فریشتە کەوە نووسەری کتێبی کارەساتی هەڵەبجە و خاوەنی پرۆژەی لێکردنەوەی پاشگری شەهید لەناوی هەڵەبجە و بۆ ئەم مەبەستە کەمپینێکی ساز کردوە، لەم دیمانەیەدا تیشک دەخاتە سەر ئامانجەکانی لەو کەمپینەدا و مەترسییەکانی بەکارهێنانی وشەی سەهی لەگەڵ ناوی ئەوشارەدا و کاریگەرییە دەرونییەکانی لەسەر پاشماوەکانی ئەو شارە.**

**نامق هەورامی: نامەی ماستەرەكەت لە سەر كارەساتی هەڵەبجە بوو، ئێستاش كەمپینێك رێكدەخەی بۆ لابردنی پاشگری شەهید كە بە ناوی هەڵەبجەوە لكێنراوە، مەبەست لەم كارە چییە؟**

**فریشتە كەوە:** ماستەرەكەم لە سەر هەڵەبجە بوو لە زانكۆی (لۆند) لە وڵاتی سوید بە ناوی (كارەساتی هەڵەبجە)، كارێكی تەواو زانستی و دەروونناسی بوو لە سەر نەخۆشی (PTSD)، هەڵبەتە ماستەرنامەكەم لە یادی 20 ساڵەی كارەساتی هەڵەبجە دا وەك كتێب بەزمانی كوردی و..... بڵاوكرایەوە، لە سەرەتای توێژینەوەكەدا باسم لەوە كردووە، هەر توێژینەوەیەك ئەگەر سوودمەند نەبێت، نەكردنی باشترە، سەبارەت بە ئامانجی من لەم كەمپینە ئەوەیە ئێمە بیست ساڵە غەدر لە هەڵەبجەییەكان دەكەین، بە بەكارهێنانی وشەی شەهید، ئەگەر پێمانوابێت چاكەمان لەگەڵ كردوون، ئەوە هەڵەمان كردووە. بۆماوەی بیست ساڵە بەهەڵەبجە دەگوترێت شەهید، لە بیست ساڵدا بە شارێك بگوترێت شەهید، ئیدی مانای ژیان تێیدا كاڵ دەبێتەوە، لەڕووی رێزمانەوە وشەكە هەڵەیە، شار شەهید نابێت، هەڵەبجە ماوە، لەگەڵ رێزم بۆ ئەو هەولانەی تا ئێستا دراون، بەڵام ئەوەی كە باسدەكرێت بە هیچ شێوەیەك ناگاتە كەمترین ئاستی

داواكاری ئەو خەڵكە. بەكارهێنانی ئەم وشەیە زیانی گەورەی بەو خەڵكە گەیاندووە، بۆ نموونە لە ماوەی ساڵێكدا بەردەوام بە كەسێك بڵێ تۆ نەخۆشی، دەبینین ئەگەر نەخۆشیش نەبێت، نەخۆش دەكەوێت، ئەی ئەگەر 20 ساڵ بەردەوام بە شارێك بگوترێت شەهید، لە كاتێكدا ژیان لەو شارە هەیە و خەڵكی تێدایە بە ئومێدەوە دەڕواننە ژیان، ئەی ئەوانە دەبێ تووشی چ حاڵەتێك ببن؟ لە بری ئەوەی هێزی ژیان بەو خەڵكە بدرێت، فەزای ژیانیان لێ ئاڵۆز دەكەن.

**نامق هەورامی: پێتوایە بەكارهێنانی وشەی شەهید لە رووی دەروونییەوە مانای لێسەندنەوەی جوڵە و ژیانە؟**

**فریشتە كەوە:** بێگومان هەر ئەوەیە، مانای لێسەندنەوەی ژیانە لە شارێك و خەڵكەكەی، كاتێك كارەساتێك روودەدات، بۆنموونە كارەساتی هەڵەبجە، بێگومان قوربانی لێدەكەوێتەوە، بەڵام ئەم قوربانییە پێویست ناكات هەتا هەتایە هەر قوربانی بێت، دەكرێت دۆخی بۆ برەخسێت تابگەڕێتەوە ناو ژیانی ئاسایی، بەڵام بەداخەوە لە هەرێمی كوردستان هەروەك جارانە، قوربانی هەر قوربانییە، ئەم تەمومژە چڕ و تەڵخە هەرماوەتەوە، ئەگەر كۆمەكی هەمەلایەن بە رزگاربووانی شاری هەڵەبجە بكرایە، بڕوام نییە بە قوربانی یان رزگاربووان ناویان ببەین. ئەوانە كەسی ئاسایین، كارەساتێكیان دیوە و پێویستە لە دەرئەنجامی ئەو كارەساتە قوتار بكرێن، بەڵام ئەو كارە نەكراوە، هەمیشە باس لە شەهیدەكان دەكەین و قسە لەسەر ژیانی رزگاربووان ناكەین. بۆیە لەم كەمپینەدا ئامانجم ئەوەیە زیاتر بایەخ بە زیندووەكان بدرێت، چونكە ئەوانەی كە ماونەتەوە 20 ساڵە ژیان دەكەن، بەڵام چییان بۆ كراوە؟ بە بڕوای من سەرەتای كۆمەك و هاوكارییەكان، ئەوەیە پاشگری (شەهید) لە ناوی هەڵەبجە بكرێتەوە.

**نامق هەورامی خەڵكی هەڵەبجە لە گۆڕستانێكی گەورەدا دەژین و بەردەوام ناوی شەهیدیشیان پێوە دەلكێ، كاریگەرییە دەروونییەكانی بۆ نەوەكانی داهاتوو چۆنە؟**

**فریشتە كەوە:** نەخۆشی(post traumatic stress disorder ) لەتوێژینەوەكەمدا باسمكردووە بەو جۆرەیە، ئەگەر نێر و مێیەك هەڵگری ئەم نەخۆشییە بن و دواتر هاوسەرگیری بكەن لە رێگەی (جنات)ەوە بۆ منداڵە كە دەگوازرێتەوە. لەئەنجامدا منداڵەكە خەمۆك دەبێت، جگە لەوەی لە دایك و باوكەوە ئەم نەخۆشییە دەگوازرێتەوە، دەوروبەریش كاریگەری هەیە، ئەمە دەرەنجامێكە لە توێژینەوەكەی مندا هەیە و ترسی گەورەم لە درێژبوونەوەی ئەو حاڵەتە هەیە وەك نەخۆشییەكی دەروونی، ئامانجی كەمپینەكە ئەوەیە دەسەڵات و خەڵك ئاگاداربن لەمەترسییەكانی ئەم حاڵەتە، چونكە ئەو فەزا خەمۆكییە كاریگەری هەیە لەسەر ژیانی خەڵكی هەڵەبجە. نەخۆشی (PTSD) لە هەڵەبجەدا زۆر بڵاوبۆتەوە، بەبێ ئەوەی دیراسەیەكی لە سەر كرابێت، بۆیە باری دەروونی دانیشتوانی هەڵەبجە زۆر خراپ و خەڵكەكەی كوڵەوارە، دەبوایە دوێنێ یارمەتییان بدایە، نەك ئەمڕۆ و سبەینێ.

**نامق هەورامی: لە بەشێكی راگەیەنراوەكەتدا گلەییت لە رۆژنامەنووسان كردووە كە غەدریان لە شاری هەڵەبجە كردووە، دەكرێت ئەوە زیاتر روونبكەنەوە؟**

**فریشتە كەوە:** راگەیاندن لە وڵاتە دیموكراسییەكاندا خۆی دەسەڵاتە، راگەیاندن دەتوانێ دەسەڵاتی سیاسی بگۆڕێ، ئەم دەسەڵاتە دوو سەرەیە، دەكرێت بەباشی یان خراپ بەكاربهێنرێت، كۆمەڵێك لە رۆژنامەنووسان، بە تایبەت ئەوانەی لە دەرەوەی

کوردستانن، بەبێ ئەزموون دێن باسی هەڵەبجە دەکەن. ئەخلاقی رۆژنامەنووسی گرنگە بۆ رۆژنامەنووس و دەبێت ئاگاداری بێت، دەبوایە ئەوان بیریان لەو کارە بکردایەتەوە و دوای بیست ساڵ لە کارەساتی هەڵەبجە هەنگاویان بنایە بۆ لابردنی ئەو پاشگرە، هەڵەبەت رۆژنامەنووسانی کوردستان بێبەش ناکەم لەو گلەیی و رەخنەیە، راگەیاندن دەبوایە زووتر ئەم هەڵەیەیان راست بکردایەتەوە.

نامق هەورامی: چی بەردەوام سیفەت و ناو و پاشگری وەک ئەوەی هەڵەبجە بەرەدەم دێنێ و ئایا ئێوە سەبارەت بە کەمپینەکە لەگەڵ دەسەڵاتیش قسەتان کردووە؟

فریشتە کەوە: لەراستیدا من لەدەسەڵاتی باڵاترەوە واتە لە سەرۆک کۆمارەوە دەستم پێکردووە، وەک سەرۆک کۆمار نەک وەک بەرێز (مام جەلال تاڵەبانی)، چونکە ئەو سەرۆکی وڵاتێکە کەناوی عێراقەو لەسەرەر دەستی حوکمڕانیی ئەو دەسەڵاتەی عێراقدا هەڵەبجە وای لێهات، بۆیی هەرلەوێوە دەبێت بکرێتە بریار، دواتر لەگەڵ سەرۆکایەتی هەرێم و حکومەتی کوردستان، ئینجا وەزارەت و سیاسەتمەداران و ئەوانەی دەتوانن بریارێک بدەن و بارودۆخی ژیانی منداڵێک، خانوویەک، مرۆڤێک، لەهەڵەبجەدا باش بکەن، هەرکەس لەوان ئەگەر لەم بوارەدا کاری نەکردبێت بە بەبرپرسیاری دەزانم، بگرە کەمتەرخەمیشە. لەو بانگەوازەدا فەزایەکی تووڕەیی تێدایە، ئەوەش ئەو هەستەیە لە دوای ماستەرنامەکەوە پێی گەشتم، ئەو برینە جەستەیی و دەروونییانەی لە هەڵەبجەدا هەن گوێمان پێنەداون، کارەکەی من یەکەم کاری مەیدانی و دەروونناسییە کە لەسەر هەڵەبجە کرابێت، ئەمەش کارەساتە، لەدوای بیست ساڵ من یەکەم هەنگاو هەڵگرم.

نامق هەورامی: پەیامتان بۆ خەڵک چییە لە بارەی ئەم کەمپینەوە؟

فریشتەکەوە: هیوادارم ئەم کەمپینە دەنگ و سەدای هەبێت، شەرمە بۆ کورد، بۆ حکومەتی عێراق و حکومەتی هەرێم، تا ئێستا نەیتوانیبێت ئازاری ئەو خەڵکە چارەسەر بکەن و تەنانەت بریندارەکانیش نەگەیەنراونەتە دەرەوە، هێشتا بەدەم هاواری رزگاربووانی هەڵەبجەوە نەچوون، دروستکردنی فرۆکەخانە و هێنانی 10 ئامێر و هتد. دەرمانی دەردی هەڵەبجەیی‌ەکان ناکات، هەڵەبجە پێویستی بە کەمپینێکی لەوەی من گەورەترە تا کورد وەک نەتەوە بەخەبەر بێتەوە، داوای قەرەبوو لەحکومەتی عێراق و لەو وڵاتانە بکەین کە بەشداربوون لەو کارەساتەی بە سەر هەڵەبجەدا هاتووە، هەتا باری دەروونی خەڵکی هەڵەبجە و ناوچەکانی دیکەی بەر ئەنفال کەوتوون، نەهێنرێتە سەر ئاستی گفتوگۆ کردن، بڕوام نییە رۆژێک لە رۆژان بتوانین ئەنفال بەجینۆساید بناسێنین کە هەڵەبجە بەشێکە لەو کارەساتە. هیوادارم هەموو کەس، بە تایبەت ئەوانەی کە شتێکیان لە دەسەڵاتدایە بە دەنگ ئەم کەمپینەوە بێن.

http://anfalnama.blogspot.com/2008/07/blog-post_21.html